# ئەو پرسیارانەی زۆر دەکرێن – کۆنترۆلی شوێنی وەستان

## ناوچەی وەستانی سنووردار (ئاڕ پی زێد)

**چی پێشنیار دەکرێت؟**

بۆ ناوچەی سایتهل، ناوچەی وەستانی سنووردار پێشنیار دەکرێت (ئاڕ پی زێد).

ئاڕ پی زێد دروست دەکرێت بۆ هاوکاری کردن لە قەرەباڵخی لە گەڕەکی نیشتەجێبوون، کەم کردنەوەی سەیارەی تایبەت بۆ ئەم ناوچانە و نەهێشتنی ڕێگری کردن و وەستانی بێ جیاوازی.

کۆنترۆل کردنی وەستان بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوە:

- بەکارهێنانی شوێنی وەستانی هاوبەش بۆ بەکارهێنان لە لایەن نیشتەجێبووان، بازرگانان، و سەردانکەران.
- مۆڵەتی وەستانی دانیشتوان ٩٨£ دەبێت لە ساڵێکدا یان ٢٧£ بۆ چارەکە ساڵ (لە ١.٨٩£ کەمتر دەکات لە هەفتەیەکدا بۆ ساڵانە).
- مۆڵەتی وەستانی بازرگانان بەردەستە بە پارەی ٦٥٠£ بۆ ساڵێک ( کەمتر لە ٢.٥£ دەکات بۆ ڕۆژێک، بە پێی ٥ ڕۆژ لە هەفتەیەکدا)، وەکو شوێنەکانی تر لە شارەکەدا.
- ڕێگەپێدانی وەستانی سەردانکەر بەردەستە بۆ دانیشتوان کە بۆ میوانەکانیان بکرن. ئەمە بە دەستەی ٥ دانە بەردەستە بە ١٠£ - ٢£ بۆ هەر ڤاوچەرێک. هەر ڤاوچەرێک بۆ ٦ کاتژمێر کار دەکات و بە شێوازی کارتی رووشاندن بەردەستە.
- پلان جێبەجێ دەکرێت بۆ ناساندنی سیستەمێکی ئەلیکترۆنی کە ڕێگە بە دانیشتوان دەدات لە ڕێگەی ئۆنلاینەوە مۆڵەتی وەستان بۆ میوانەکانیان بکرن.
- کڕین و نیشاندان بە لایەنی زۆرەوە بۆ ٣ کاتژمێر بە نرخی ٤٠ پێنس بۆ هەر ١٥ خولەکێک.
- شوێنی وەستانی دیاریکراوە بۆ کەم ئەندامان و بار سەرخستن.
- کاتەکانی کە دەبێت پارە بدەیت بۆ وەستان لە دووشەممە – یەک شەممە، ٨ی بەیانی – ١٠ی شەو. ئەمە لەوانەیە کەم بکرێتەوە بە پێی کاردانەوە.
- هیچ کات چاوەڕێکردن نیە لە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان.
- سنووری خێرایی ٢٠ مایەل لە کاتژمێریکدا ناچار دەکرێت لە ناوچەکە.

**دەتوانم لە دەرەوەی شوێنی وەستانی دیاریکراو بوەستم و پارەی وەستانەکەم بدەم؟**

نەخێر. سنووردارەکانی شوێنی دیاریکراوی وەستان ' لە هیچ کاتێک چاوەڕوان کردن نیە' کەواتە هەموو کات ئەم یاسایە کار دەکات و سەپێندراوە.

**ئایا نیشانە دادەنرێت؟**

بەڵێ. نیشانەی هاتنە ژوورەوە و چوونە دەرەوە دادەنرێت بۆ نیشاندانی دەستپێکردن و کۆتایی هاتنی ئاڕ پی زێد. نیشانەی هاتنە ژوورەوەکە ئەوە دەگەیەنێت کە سەیارە دەبێت تەنها لە شوێنی دیاریکراوی وەستان بوەستێت.

## شوێنی وەستان

### شوێنی وەستانی هاوبەش چیە؟

شوێنی وەستانی هاوبەش دەکرێت لە لایەن هەڵگری مۆڵەت و هەروەها ئەو کەسانەی پارەی شوێنی وەستان دەدەن، ئەمە باشترینە بۆ بەکارهێنانی ڕێگاکە چونکە دانیشتوان دەتوانن سەیارە ڕابگرن بەڵام هەروەها ڕێگە بە سەردانکەریش دەدات بوەستێت بۆ چوونیان بۆ ماڵی نیشتەجێبووان یان وەستانی کورت کە نزیکە لە بازرگانە ناوخۆییەکان. ئەو سەیارانەی باجی کەم ئەندامی دادەنێن دەتوانن لە شوێنی وەستانی سەیارەکان بوەستن بە خۆڕایی و بەبێ سنووری کات.

### بۆ ناتوانین تەنها شوێنی وەستان بۆ دانیشتوان هەبێت؟

ئەنجومەن هەموو کاتێک بە فراوانی شتەکان لەبەرچاو دەگرێت و ئامانجەکانی ستراتیژین بە پێی پێداویستی ناوچەکە. ئەم ئامانجە بە دەست دەهێنین بە دروست کردنی کۆمەڵە، هاندانی گەشەکردنی ئابووری بە هاوکاری کردنی کارە ناوخۆییەکان و بەدەست هێنانی هەڵبژاردەی بەردەوام بۆ گەشت کردن. بەکارهێنانی تەنها شوێنی وەستانی دانیشتوان قەدەغەکراوە و شوێنێکی زۆری لە ڕێگاکە بەکارهێناوە، بۆیە ئەمە دژی ئامانجی ئەنجومەنە و ڕەچاو ناکرێت.

### ئایا بە گەرەنتی شوێنی وەستانم دەبێت لە نزیک ماڵەکەم؟

لە هەر جادەیەک شوینی وەستانی سەیارە دیاریکراوە، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کۆنترۆل کردنی شوێنی وەستان ئەولەویەت بۆ دانیشتوان دادەنێت و بەردەستی شوێنی وەستانی سەیارە زیاد دەکات بە شێوەیەکی گشتی.

### شوێنی وەستانی سەیارەتان کەم کردۆتەوە لەسەر جادەکە، بۆچی وا دەکەن؟

کۆنترۆل کردنی شوێنی وەستان هەتا بکرێت زیاد کراوە، بەڵام شوێنی وەستان دروست دەکرێت ئەگەر شوێنەکەی سەلامەت بێت؛ سەلامەتی ڕێگاکە و سەلامەتی پیادە دەبێت ڕەچاو بکرێت کە ئەم کارانە دەکرێت. کێشەکانی وەک ڕاگرتنی سەیارە لەسەر فەرع، گۆشە، یان لەسەر ڕێگەی پیادە، یان لە ناوچەی گەڕانەوە دەبێت بزانرێت چونکە ئەمە ڕێگە دەگرێت بۆ گەیاندن، پاکردنەوە، یان خزمەتگوزاری سەیارەی فریاکەوتن. هەروەها ئەندازەی شەقامەکە دەبێت ڕەچاو بکرێت، بۆیە شوێنەکانی کە جێگەی وەستانی گۆشەیە، شوێنی گەڕانەوە بۆ هاتنەژوورەوە و چوونەدەرەوە دەبێت بە تیروتەسەلی بەردەست بێت لەگەڵ ڕێنمانیی دیزاین کردن.

## مۆڵەتی وەستان

### کێ دەتوانێت هەڵگری مۆڵەتی وەستانی سەیارە بێت؟

هەر کەسێک کە نیشتەجێیە لەو ناوچەیە. وە ئەو مولکە پێش بریاری وەستانی سەیارە تەواو بووە، دەتوانێت تەقدیم بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی وەستان بۆ هەموو سەیارەیەکی تۆمارکراو لە ناونیشانەکەی. ئەگەر ماڵەکەت بەشێکە لە دروستکراوی تازە و دوای بڕیاری وەستانی سەیارە دروست کراوە ئەوا مۆڵەتی وەستانی سەیارە شمولی تۆ ناکات.

### بۆچی پارە لە نیشتەجێبوان وەردەگرن؟

یاساکەمان بۆ ئەوەیە دڵنیابینەوە کە پارەی بەڕیوەبردن و سەپاندنی وەستانی سەر ڕێگاکە دەبێت وەربگیرێت. لەبەر ئەوەی داهاتە لە ڕێگەی پارە دان و نیشان دانی لەبەر بەکارهێنانی هاوبەشیە، لەبەر ئەوە پارەی مۆڵەتی وەستان دانراوە بە ٩٨£ لە ساڵێکدا.

### دەتوانم چەند مۆڵەتی وەستانی سەیارە بکڕم؟

دانەیەک بۆ هەر سەیارەیەک کە تۆمار کراوە لەسەر ناونیشانەکەت. تکایە بزانە کە خانوویەک لە پیشەی جیاواز دەبێت تەنها یەک ڕێگەپێدراوی هەبێت بۆ هەر مولکێک. ئەو ئۆتۆمبێلە دەبێت بەو مولکەوە تۆمار بێت.

**مۆڵەتی وەستان بۆ سەردانکەران چیە؟**

مۆڵەتی وەستان بۆ سەردانکەران بەردەستە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە. ڕێگە دەدات بمێنیتەوە بۆ زیاتر لە ٣ کاتژمێری پارە دان و نیشاندان وە نرخی ٢£ بۆ هەر ٦ کاتژمێر.
ڕێگەپێدانی وەستانی سەیارەی سەردانکەران بەردەستە بۆ کڕین پێش وەختە لە یەکەی پارک کردن بە دەستەی ٥ دانەیی. کاتی بەکارهێنانی پێویست ناکات بزانرێت پێش وەختە چونکە مۆڵەتەکان بە شێوازی کارتی ڕووشاندنە کە بەروار و کاتەکەی دەرِوشێنیت بۆ دەرکەوتن کە ویستت بەکاری بهێنیت.

**خۆم شوێنی پارک کردنم هەیە. دەتوانم مۆڵەتی وەستانی سەیارە بۆ دانیشتوان بکڕم بۆ سەیارەکەم؟**

بەڵێ، پێدانی موڵکەکەت شیاوە و سەیارەکەت تۆمار کراوە لەسەر ناونیشانیماڵەکەت لە ناوچەکە.

**ئەی ئەگەر سەیارەی ئیشم پێ بێت؟**

دانیشتوان کە سەیارەی ئیشیان پێ بێت دەتوانن، ئەگەر بە بەردەوامی هەمان سەیارەیان پێ بێت، کە لە ئێستادا لەو ناوچەیەدا بن کە کۆنترۆلی وەستانی سەیارە دەکرێت.

**کێ شیاوە بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی وەستانی کار؟**

هەر شوێنی کارێک کە لەناو ناوچەکەدا بێت دەتوانێت تەقدیم بکات بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی وستانی کار. سنوور نیە لەسەر ژمارەی مۆڵەت کە وەری بگریت وە هەروەها تێبینی ئەوە بکەین کە ئەم مۆڵەتانە دەتوانرێت بگوێزرێتەوە لە بەینی چەند سەیارەیەک.

**بۆچی نرخی مۆڵەتی وەستانی کار جیاوازە لە مۆڵەتی دانیشتوان؟**

مۆڵەتی وەستانی کار بەردەستە بۆ هاوکاری کردنی کاری ناوخۆیی کە سەیارە یەکێکە لە شتە گرنگەکان بۆ سەرکەوتنی وە نرخەکان دانراون کە داشکاندنیان بۆ کراوە بە بەراورد کردن لەگەڵ نرخی وەستانی ئاسایی بۆ ماوەی ساڵێک. نرخی ئەم مۆڵەتە لە لایەن کۆمیتەوە بڕیاری لەسەر دراوە بە گفتوگۆ کردن لەگەڵ ژووری بازرگانی پێش دروست کردنی لە ٢٠٠٦ وە بە ٥٠£ نرخەکەی کەم کراوەتەوە بۆ ٦٥٠£ لە ساڵێکدا کە دەکاتە کەمتر لە ٢.٥£ بۆ ڕۆژێک ( بە پێی ٥ ڕۆژی کار کردن) کە داشکاندنێکی باشە بە بەراورد لەگەڵ شوێنە ئاساییەکان بۆ ماوەی ساڵێک وە لە دەتوانرێت لە بەینی چەند سەیارەک بەکار بێت.

ئەگەر مۆڵەتی وەستانی سەیارەی کار بە ٩٨£ دابنرایە، ئەوە بە شێوازێکی چالاک هانی کەسەکانی دەدا کە زۆربەی شوێنی کارەکان ژمارەیەکی زۆر مۆڵەتی وەستانیان دەکڕی بۆ پێدانی بە ستافی کارکردنیان. ئەمەش ئامانجەکە بە شکست دێنێت کە دەمانەوێت دانیشتوان بپارێزین لە قەرەباڵخی شەقامەکان و بەکار نەیەت وەکو پارکی هاموو ڕۆژی وەستانی سەیارەی خەڵک کە بچن بۆ کارەکانیان.

## گشتی

**ئایا ئەمە هەر شێوازێکی پارە پەیدا کردن نیە؟**

سەپاندن گرنگە بۆ بەردەوام بوون و سەرکەوتنی یاساکانی پارک کردن. پارەی کارکردنی، بەڕێوەبردن و جێبەجێ کردن و سەپاندن و چاکسازی پێویستە بۆ کارکردنی. هەر زیادەیەک هەبێت لە شەقامەکەدا سەرف دەکرێتەوە.

**ئایا ئەم پلانە کاریگەری هەیە لەسەر بیمەی سەیارەکەم؟**

پێشەکی کۆنترۆلی وەستانی سەیارە هیچ کاریگەریەکی نیە لەسەر بیمەی سەیارەکەت چونکە دانیشوان لەسەر شەقامەکە پارک دەکەن کە کۆمپانیای بیمەکەیان ئاگادار کردۆتەوە.

**ئایا ئەم پلانە کاریگەری هەیە لەسەر نرخی موڵکەکەم؟**

هیچ بەڵگەیەک نیە کە پێشنیار بکات نرخی موڵکەکان دابەزێت بەهۆی ئەم پلانەوە، بە پێچەوانەوە بەهۆی هەبوون و یاسای پارک کردن کە لە لایەن کۆمەڵەکەوە بینراوە بۆتە هۆی باشتر بوونی ناوچەکە.
موڵکە تەنهاکان شوێنی پارک کردنیان بۆ دانەنراوە لە سەر جادەکە و ئەمە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

**ئەی دەربارەی کار کردنی گروپی کۆمەڵە ناوخۆییەکان؟**

ئەم کۆنترۆلی پارکە وا کراوە کە ڕێگە بە کۆمەڵە ناوخۆییەکان بدات وەک ئاسایی کار بکات، بەبێ کاریگەری نەرێنی پارک کردنی خەڵک، لەبەر ئەوە گروپە ناوخۆییەکان بە کەنیسە و نادی کۆمەڵەکان دەتوانن مۆڵەتی سەردانکەری دانیشتوان بکڕن.

**ئایا شەقامەکان خەتی زەردیان لێ دەدرێت؟**

بۆ ناوچەی سایتهل تەنها شوێنی پارک کردن بە سپی دەبێت.

کە پلانەکە کار پێ کرا بۆ ئاڕ پی زێد، هێج خەتێکی زەرد پێویست نیە. کاتێک سەیارەیەک تێدەپەڕێت لە ناوچەی نیشانەی چوونە ژوورەوە، سنووردارەکان کار دەکات و 'چاوەڕێکردن نیە لە هەر کاتێکدا'. بۆیە وەستان تەنها لە شوێنی دیاریکراو بە سپی دەبێت و بە گونجاوی نیشانەی لێ دەدرێت.

**دەتوانم لە شوێنی بارکردن پارک بکەم؟**

ناتوانیت لە شوێنی بارکردن پارک بکەیت لە کاتی ئاڕ پی زێد. بەڵام لە دەرەوەی ئەم کاتانە دەتوانیت پارک بکەیت. تکایە ئاگاداربکە کە دەبێت سەیارەکە لەوێ نەمێنێت پێش ئەوەی شوێنی بارکردن بکەوێتەوە کار ئەگەر نا غەرامە دەکرێیت.

**ئایا کاری باجی کەم ئەندامی چیە؟**

ئەو کەسەی باجی کەم ئەندامانی پێیە دەتوانێت لە شوێنی دیاریکراوی پارک کردن سەیارە ڕابگرێت بە خۆڕایی، بەڵام دەبێت باجەکەیان نیشان بدەن، وە کاتەکەیان بێ سنوورە. پێویست ناکات مۆڵەتی پارک کردن بکڕیت.

**<u>هەنگاوی دواتر</u>**

**چی ڕوودەدات لە پرۆسەی دواتر؟**

قۆناغی دواتر بڵاوکردنەوەی داواکردنەکەیە لە ڕۆژنامەی ناوخۆ. ئەم داواکردنە بڵاو دەکرێتەوە لە ئیڤنینگ تایمز لە ڕێگەی تێبینیەوە. هەروەها تێبینیەکان دروست دەکرێت بە پێی ئەو شەقامەی کاریگەری لەسەر دەبێت. داواکردنەکە بەردەست دەبێت بۆ بینین لە ئۆفیسی ئەنجومەن، ٢٣١ جۆرج ستریت، وە لەسەر ماڵپەڕی ئەنجومەن www.glasgow.gov.uk/proposedtro کاتێک کە داواکردنەکە بڵاو کرایەوە و ئەنجومەن نوسراوی هاوکاری یان ڕەخنە لەسەر داواکردنەکە قبوڵ دەکات.
هەر پرسیارێک لە کاتی ئەم پرۆسەیە دەتوانیت بنێریت بۆ parkingproposals@glasgow.gov.uk